## سۆلین دڵپاک:

# سینەما و شانۆ لای من جیاوازی نییە، گرنگ ئەوەیە ئەکتەر چۆن پەیامەکە بە بینەر بگەیەنێت



**سـۆلین دڵپاک یەکێکە لە هونەرمەندە گەنجە بەتواناکانی شـاری سـلێمانی و جیا لە کاری نواندن، ئەندامی تیپی هەڵپەڕکێی هونەرە میللییەکانی شـاری سـلێمانییە، تا ئێستا جگە لە شـانۆ بەشـداریی لە چەندین فیلم و درامادا کردووە، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** کار کردنت لەگەڵ مامۆستا کامەران رەئوف چۆن دەبینی؟**

- بێگومـان مـن سـوودی زۆرم لـە کارکردن لەگەڵی بینی و زۆر شـتی لێوە فێربووم، چونکە تا رادەیەك کارەکانی قورسن، بەتایبەتی ئەو شانۆ گەرییە بـەم دواییە نمایشـمان کرد، شـانۆ گەری (فانیـا) دەقێکی چیخۆ فە و یەکێکە لە دەقە شانۆییە هەرە ئاڵۆزەکان، لەبەر ئەوەش دەڵێم قورس بـوو، چونکە ماوەی شـەش مانگ پرۆڤەمـان ئەنجامدا ئینجا پێشکەشـمان کـرد و هیـوادارم ئـەدای ئێمە گەیشـتبێتە ئەو ئاستەی کە کاك کامەران داوای لێکردبووین.

*** وەك خۆت باست کرد ماوەی شەش مانگ خەریکی خۆئامادەکـردن و پرۆڤـە بـوون، ئـەدای گشـت ئەکتـەرەکان زۆر جـوان و لە ئاسـتێکی بەرزدا بـوو، ئەمە دەرەنجامی ئـەم ماندووبوونەی ئێـوە بوو یاخود سـووربوونی مامۆسـتا کامـەران لەسـەر پێشـکەش کردنـی ئەدایەکی باش؟**

- شانۆ کارێکی دەستەجەمعییە و سـەرکەوتنی بـۆ هەمـوو ئـەو کەسـانە دەگەڕێتـەوە کە بەشـداری تێـدا دەکـەن، خۆم دەبـێ هـەوڵ بـدەم و ئەگـەر ئەمـە نەکـەم کـەس ناتوانـێ تواناکانم ببینێ، بۆ نموونە کە

من ماندوو نەکەم کاك کامەران چۆن دەزانێت سۆلین توانایەك لە ناخیدا هەیە و دەتوانی دەریبخات، سەرەڕای ئەمەش کاکە کامەران لەگەڵ هەمووومان زۆر ماندوو بوو ئەمەش لە پێناو سەرکەوتنی کارەکە بوو بە پلەی یەك.

*** هەڵبژاردنی تۆ بۆ بینینی ئەم ڕۆڵە چۆن بوو؟**

- کاك کامەران دەستپێشخەری کرد و پێی وتم بە نیازم دەقێك پێشکەش بکەم و تۆم هەڵبژاردووە بۆ کاراکتەری هیلینا، هەرچەندە کە سەرەتا دەقەکەی پێشکەش کردم و خوێندمەوە بە پێچەوانەوە حەزم لە کاراکتەری سۆنیا بوو، بەڵام کە دەقەکەم چەند جارێك خوێندەوە تەرکیزم خستە سەر هیلینا و هەستم کرد من زیاتر لە هیلینا خۆم دەدۆزمەوە، سوپاس بۆ خوا بە هەوڵی هەموو توانیم لەم کاراکتەرەدا سەرکەوتوو بم.

*** بینەری کورد پێویستی زیاتر بە چ جۆرە دەقێکە، مەبەستم لە دەقی خۆماڵی یان ئەو دەقە بیانیانەی کە وەردەگێڕین بۆ سەر زمانی کوردی؟**

- بە بڕوای من ئەمە دەکەوێتە سەر رای بینەر کە ئەوانیش رای جیاوازیان هەیە ناکرێ لەمەدا بینەر هەموو یەك رای هەبێت و حەز لە یەك جۆرە دەقی شانۆیی بکات، بۆ نموونە بینەر هەیە حەز لە دەقی کۆمیدی دەکات، بینەر هەیە حەز لە دەقی رووسی دەکات، هەیە دەقی ئەورووپی لەلا پەسەندە، بۆیە دەبێ ئەکتەر زیاتر تەرکیز لەسەر نواندنەکەی بکات و لە ڕێگای نواندن بە تایبەتی و تەواوی کارەکە بە گشتی بتوانێت چێژی لێ وەربگرێت، چونکە دەقی بیانی بێت یان خۆماڵی بۆ کاراکتەرەکان جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێت.

*** ئەگەر سەبارەت بە سینەما بدوێین لە ئێستادا بەتایبەتی لەو بارودۆخەی کە وڵاتمان پێیدا تێپەڕ دەبێت لە شەڕ و قەیرانی ئابووری، بینەری کوردی و سینەمای کوردی پێویستییان بە چی هەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئێمە وەك ئەکتەر هەر یەکمان کە کارێك ئەنجام دەدەین پێویستمان بە لایەنی ماددی هەیە، ئەمەش هۆکار و یارمەتیدەرێکی سەرەکییە بۆ بەردەوام لە کاری هونەری، بەڵام ئێمەی هونەرمەند مادام ڕێگای هونەرمان گرتووە و تواناکانی خۆمان لە پێناویدا خستۆتە گەڕ پێویستە گوێ بەم شتانە نەدەین، دەبێ لە ڕێگای هونەرەوە بە هەموو لایەك بڵێین ئێمەی هونەرمەند جیاوازین لەگەڵ خەڵکی ئاسایی، ئەگەر وڵات بە هەر بارودۆخێکی سەخت و ناخۆشی وەك قەیرانی ئابووری و شەڕ تێپەڕێت ئێمە دەتوانین ئارامی بە بینەر ببەخشین و بتوانین بەردەوام بین لەو کارە، بێگومان ئێستا سینەما پێویستی بە ئەکتەر و کەسانێکە کە نەهێڵن سینەما بمرێت لە هەر بارودۆخێکدا بێت و ڕۆژ بە ڕۆژ زیندوو و تازەی بکەنەوە.

*** کاری خۆبەخشی سینەماکاران تا چەند دەتوانێت سینەمای کوردی بە زیندوویی بهێڵێتەوە لەو بارودۆخە سەختەدا؟**

- نەك لە سینەما بەڵکو لە هەموو بوارەکانی دیکەی هونەر کاریگەریی دەبێت لە هێشتنەوەی بە زیندوویی، بۆ نموونە ئێمە لە شانۆیی (فانیا)دا نزیکەی شەش مانگ بە خۆڕایی پرۆڤەمان کرد ئەمەش جێگای خۆشحاڵی و سەربەرزییە بۆ من و شانازیش بەوە دەکەم کە بە خۆبەخش لەو شانۆییەدا کارم کردووە، چونکە ئێمە تەنیا بۆ ماددە کار ناکەین، بەڵکو زیاتر بیر لەوە دەکەینەوە کە بتوانین کارێکی جوان وسەرکەوتوو پێشکەش بکەین.

*** جاران ڕۆڵی ئافرەت لە هەموو بوارەکانی هونەردا لاواز بووە، بەڵام ئێستا ئافرەتی کورد ئەو کۆت و بەندانەی هەموو بڕیوە و لە هەموو بوارێکدا بوونی خۆی بە هێز وسەرکەوتوو سەلماندووە، بەڵام ئایا توانیویەتی پێگە و شوێنی خۆی لە نێو هونەری کوردیدا وەکو پێویست بکاتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئافرەت قۆناغی زۆری بڕیوە، ئێمە دەزانین جاران ئافرەت نەیتوانیوە بچێتە سەر تەختەی شانۆ، یان زۆر کەم بووە، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە ئافرەت بە ئازادی روو لە بواری هونەر دەکات و بە جورئەتەوە ئەو بوارە هەڵدەبژێرێت کە حەزی لێدەکات و دەرگاکان لە بەردەمیان کراوەتەوە، هیوادارم دەرگاکان زیاتر بە رووی ئافرەتدا بکرێنەوە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە ئافرەتی زیاتر هەیە لە بواری هونەر هەر چەندە ئێستاش زۆرن.

*** هەندێك لە ئەکتەران لە هەردوو بواری شانۆ و سینەما و درامادا کار دەکەن، تۆ ئەمە چۆن دەبینی؟**

- بۆ من ئاساییە کە لە هەرسێ بوارەکەدا کار بکەم، چونکە شانۆ و سینەما و دراما هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لە شانۆدا ئەکتەر راستەوخۆ ڕووبەڕووی جەماوەر دەبێت، بەڵام لە فیلمدا حاڵەتەکە بەو شێوەیە نییە، بە گشتی نواندن هەر نواندنە و سەرکەوتن تێیدا دەکەوێتە سەر توانای ئەو ئەکتەرە کە کاراکتەرەکە بەرجەستە دەکات و تا چەند دەتوانێت ئەو پەیامەی کە دەرهێنەر یان نووسەر دەیەوێ بیگەیەنێتە بینەر لە ڕێگای نواندنەکەیەوە.

*** تۆ وەك سۆلین لە کامیان زیاتر خۆت دەدۆزییەوە؟**

- بە حوکمی ئەوەی چەندین ساڵە لە هەرسێ بوارەکەدا کارم کردووە بۆ من جیاوازی نییە بۆیە هەریەکیانم بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی خۆش دەوێ و هیچیان بۆ من جیاوازی نییە و ئەگەر سێ بژاردەم بدەنە دەست هەرسێکیان هەڵدەبژێرم.





# مادۆنا دراوسێکانی تووڕە دەکات

پێدەچێت خانمە گۆرانیبێژی پۆپی ئەمریکی مادۆنا بەردەوام بێت لە نانەوەی گرفت و کێشە لەگەڵ دەوروبەریدا و نەتوانێت بێ گرفت ژیان بەسەر بەرێت، ئەم جارەیان گرفتەکانی لەگەڵ هونەرمەند و مویزیسیان و بەرهەمهێنەران نییە، بەڵکو ئەم جارەیان گرفتی لەگەڵ دراوسێکانی درووستکردووە و بە چەند رەفتارێکی دراوسێکانی تووڕە و بێزار کردووە.
مادۆنا رێگای نەدا دراوسێکانی ئۆتۆمبێلەکانیان لەبەردەم دەرگای ماڵەکەیدا بوەستێنن و چەند هێمایەکی تایبەت بە قەدەغە کردنی وەستانی ئۆتۆمبێلی لەبەردەم ماڵی خۆی دانا، هەروەها شۆستەکانیشی بە رەنگی زەرد بۆیە کرد بێ ئەوەی رەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگرێت، لە هەمان کاتدا هێمایەکی دانا کە لەسەری نووسراوە: شوێنی وەستانی تایبەتە، رێگا بە وەستانی ئۆتۆمبێل نادرێت لێرە، هەر ئۆتۆمبێلێك بوستێنرێ لەسەر ئەرکی خاوەنەکەی لێرە دوور دەخرێتەوە.
جگە لەوە مادۆنا لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستگرام: بەڵێ بێ رەوشتەکان من مادۆنام و ئەمە شۆستەی منە و ئەگەر خەڵك لێرە ئۆتۆمبێلەکانیان بوەستێنن من ناتوانم ئۆتۆمبێلەکەم بهێنمە دەرەوە.
ئەم کارەی مادۆنا بووە هۆی بێزار کردنی دراوسێکانی و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، چونکە رێگا بە کەس نادرێ ئەم کارە ئەنجام بدات، هەروەها دەزگای گواستنەوەی نیویۆرك داوای لە مادۆنا کرد ئەم هێما و نووسینانە بە زووترین کات لابدات بۆ ئەوەی تووشی گرفتی یاسایی نەبێتەوە.

# دیبیکا دژی خەمۆکی دەوەستێتەوە

زۆر جار هونەرمەندان و کەسانی ناودار بەهۆی گۆشەگیری و دوورەپەرێزی تووشی حاڵەتێکی خەمۆکی دەبن بەتایبەتی کاتێك دووچاری رووداوێك دەبنەوە وەك رووداوی ئۆتۆمبێل یان لە دەستدانی کەسێکی نزیك یاخود جیابوونەوە لە خۆشەویست و هاوسەر، زۆر جار ئەم خەمۆکییە دەگاتە ئاستێکی بەرز و رەنگە ئەو کەسەی تووش دەبێت بیر لە خۆکوشتنیش بکاتەوە.
بۆ ئەم مەبەستە خانمە ئەکتەری بۆلیۆد دیبیکا بادوکۆن هەڵمەتێکی دەست پێکردووە بە ناوی (تۆ تەنیا نیی) مەبەستیشی زیاتر بڵاوکردنەوەی وشیارییە لە نێو خەڵك و ئاشنابوونیان بە نیشانەکانی خەمۆکی لە رێگای دەزگایەکی کۆمەڵایەتی کە ئامانجی زیاتر ئاگادارکرنەوەی ئەو کەسانەیە کە تووشی خەمۆکی هاتن کە پێویستە بەردەوام دەم بە زەردەخەنە بن و پێبکەنن، لەم بارەیەوە دیبیکا وتی: خەمۆکی یەکێکە لە دەردە کۆمەڵایەتییە کوشندەکان، چونکە ئاکامی ترسناکی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا و دەبێتە هۆی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی لاواز و بێهێز بۆیە پێویستە چارەسەر بکرێ و رێگا لە تەشەنەکردنی بگیرێت و ئەم هەڵمەتەش بەشێکە لەو هەوڵانەی دەدرێن و زیاتر گرنگی بە قوتابیانی ناوەندی و ماموستایان دەدەین بۆ رووبەرووبوونەوەی ترس و دڵەراوکێ و خەمۆکی و ئاشنابوونیان بە پرنسیپەکانی تەندروستی عەقڵی.





# ئەو کتێبەی لەمیسی گریاند

خۆشەویستیی جەماوەر بۆ ئەکتەر و یاریزانانی بێ سنووره و زۆر کاری سەیر و سەمەرە ئەنجامدەدەن بۆ دەربڕینی خۆشەویستی خۆیان بۆ ئەو کەسەی خۆشیان دەوێ جا لە هەر بوارێکدا بێت بەتایبەتی لە بواری هونەری و تۆپی پێدا، لەم دواییەدا فانەری تایبەتی خانمە ئەکتەری تورکی تۆبا بیوکستۆن وەك دیارییەك کتێبێکی تایبەتی 'Just Being Tuba' بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە.

ئەم کتێبە کە لە ٢٤ لاپەڕە پێکدێت بیرۆکەی جەماوەری عەرەبی ئەم خانمە ئەکتەرە تورکە بوو بەتایبەتی کاریکاتێریستی فەلەستینی عەرەبی ئەلعەجمی کە چەندین وێنەی ناو کتێبەکەی کێشاوە لەگەڵ وێنەی بەرگ، کتێبەکە چەندین وێنە و زانیاریی تێدایە دەربارەی ئەم ئەکتەرە و ژیانی بە گشتی و بە ئەکتەرێکی ناوازە، سادە، ئیلهام بەخش، باڵیۆزی نیازپاکی، ئافرەتێکی گەورە، دایکێکی میهرەبان و نموونە و باشترین ئەکتەری ئەم سەردەمەی تورکیا وەسفی دەکات.

لە میانەی چالاکییەکانی فیستیڤاڵی لەندەنی سینەمایی کە تۆبا بە فیلمی (دارستان) بەشدار بوو، یەکەم دانەی ئەم کتێبە لەلایەن فانەرە عەرەبییەکەی پێشکەش بە تۆبا، لە کاتی وەرگرتنی کتێبەکە تۆبا خۆی بۆ نەگیرا و گریا لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنووسان وتی: ناتوانم گریان خۆم بوەستێنم، چونکە ئەمە یەکێکە لە گرنگترین ئەو دیاریانەی بە درێژایی ژیانم پێشکەشم کرابێت و نیشانەی خۆشەویستی خەڵکە بۆ من و کارە هونەرییەکانم.

شایەنی وتنە داهاتی فرشتنی ئەم کتێبە بۆ رێکخراوی یونسێف دەبێت.




## عەهدی سادق:

# ئێستا پێمان دەڵێن هونەرمەندانی مۆدێلی کۆن

**عەهدی سادق زیاتر بە رۆڵەکانی لەگەڵ خانمە هونەرمەندی کۆچ کردوو سوعاد حوسنی و دەرهێنەر رەئفەت میهی ناسراوە، هەروەها فیلمی ( الکیف) لەگەڵ هەریەکە لە یەحیا ئەلفەخەرانی و مەحمود عەبدولعەزیز رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لە ناساندنی، ئەمە جگە لە بەشداریکردنی لە زنجیرە درامای (شەوانی حلمیە)، جگە لە سینەما و دراما لە چەندین شانۆگەریشدا بەشداری کردووە و رۆڵێکی سەرەکی هەبووە، لەم دیمانەیەدا باسی نهێنی بەشداریکردنی لە چەند شانۆگەرییەك و بەشی شەشەمی (شەوانی حلمیە) و چەند بابەتێکی دیکەی تایبەت بە بواری نواندن دەکات.**

سەفا عەبدولڕازق / قاهیرە



**• نهێنی بەشداریکردنت لە شانۆگەری (لە دڵەوە بۆ دڵ) چی بوو کە ئێستا نمایش دەکرێت؟**

- هەڵبژاردنی ئەم شانۆگەرییە و لەم کاتەدا کارێکی ئەنقەست بوو ئەنجامم دا، چونکە کاتێك روشدی ئەلشامیی دەرهێنەر سەبارەت بەم شانۆگەرییە قسەی لەگەڵ کردم، یەکسەر رازی بووم بێ ئەوەی دەقەکەش بخوێنمەوە، چونکە بە لای منەوە دەقەکانی مامۆستان فوئاد حەداد پێویستییان بە خوێندنەوە نییە، هەروەها یەکێکە لەو شاعیرانەی کە من پێوەندییەکی بەهێزم لەگەڵیان هەیە وەك مامۆستایان سەلاح شاهین و ئەحمەد نەجم. جەماوەر لەلایان زۆر سەیر بوو کەسێکی وەکو من کە زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە بواری نواندن کار دەکات رازی بێت بەشداری لە دیمەنێکی بچووکی شانۆگەرییەدا بکات کە ماوەکەی ناگاتە دوو خولەك، بەڵام ممن زۆر خۆشحاڵم بەو بەشداری کردنە.

**• پەیامی شانۆگەری (لە دڵەوە بۆ دڵ) چییە؟**

- شانۆ بە گشتی رۆڵێ وشیارکردنەوەی هەیە، هەروەها رۆڵی هەیە لە پێشکەشکردنی ژەمێکی بێوێنە، نەك تەنیا کاری

پێکەنین و زەردەخەنە خستنە سەر رووخساری بینەر، من لە لایەنگرانی ئەو شانۆگەرییەم کە بەهایەکی هونەری هەبێت و پەیامێك پێشکەش بکات کە ڕێز لە جەماوەر بگرێت، نەك بە پێچەوانەوە، هەموو کارێکی هونەرییش بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە موخاتەبەی مرۆڤ دەکات، چونکە هەوڵ دەدات جۆرێك لە خۆشەویستی و پێوەندی سۆزداری لە ئاستێکی بەرزدا بخولقێنێت، هەروەها هەوڵ دەدات چۆن مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا بکات، لە لایەکی دیکەوە بیرۆکەی هێنانەدیی دادپەروەری مرۆڤایەتی لەنێوان مرۆڤەکان بنووسێتەوە دوای سەرکەوتنی مرۆڤ بەسەر هێزە شەڕانگێزەکاندا.

**• پێتوایە ئێستا شانۆ کە بە (باوکی هونەرەکان) ناسراوە بووەتە میوانی تەلەفزیۆن و ڕۆڵی لە پاشەکشێدایە؟**

- شانۆ بە شێوازە تەقلیدی و ئاساییەکەی ئامانجی ئەوەیە کە بینەر، یان هاوولاتی لە ماڵی خۆیەوە بچێتە شانۆ بۆ ئەوەی نمایشێکی راستەوخۆ ببینێت، هەروەها ڕۆڵە گۆڕاوەکەی زیانی بە شانۆ نەگەیاندووە و لە بەهای شانۆی کەم نەکردۆتەوە، باشترین نموونەش بۆ ئەمە شانۆگەری (سکە السلامە)یە کە لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا لە هۆڵی شانۆی نیشتمانی پێشکەش کرا، دواتریش وێنەی گیرا و لەسەر کەناڵەکانی تەلەفزیۆن پێشکەش کرا، گرنگ ئەوەیە شانۆ بەردەوامە و ئێمە بەردەوام لە هەوڵداین خزمەت پێشکەش بە جەماوەر بکەین.

**• چی دەڵێی بۆ ئەوەی بەم دواییە باسی کراوە گوایە کەسانێك تووڕە بوون لە وێنەگرتنی بەشی شەشەمی زنجیرەی (شەوانی حلمیە)؟**

- ئەوەی راستی بێت، ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بە تەواوکردنی کارێکی بەرزی وەك (شەوانی حلمیە) هەیە، بەشی شەشەمیشی درێژەپێدەری بەشەکانی ترە و تیشك دەخاتە سەر نەوەکان، نەك سەلیم بەدری، هەروەها چەند کەسایەتییەکی سەرەکی تێدایە بۆیە تەواوکردنی پێویستە.

**• بەم دواییە دراما پشت بە چەندایەتی دەبەستێت، نەك چۆنایەتی، رات چییە بەرامبەر بەو رایە؟**

- ئەوە چ هونەرمەندێکە لایەنگری چەندایەتی دەکات لەسەر حیسابی چۆنایەتی؟ لە کۆتایی درامای تەلەفزیۆنیدا پێویستە یارمەتی کۆمەڵگە بدات بۆ ئەوەی هەستێتەوە نەك بە پێچەوانەوە وەك ئەوەی ئێستا روودەدات کە دەبینین زۆری کارەکان کاریگەرییەکی سلبی لەسەر کۆمەڵگەی میسری هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا دراما پشت بە نووسەرەکان دەبەستێت وەك ئەوە لە پێشوودا رووی داوە.

**• هۆکاری دوورکەوتنەوەت لە کاری هونەری بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- دوایین کاری هونەری لە ساڵی ٢٠١٢ بوو ئەویش زنجیرەی (الركين) بوو، ئاشکرایە ئێستا گۆڕەپانی هونەری بۆ (مۆدێلە نوێیەکانە) چونکە دەبینین هەر نەوەیەکی نوێ دەرکەوێت، نەوەکانی پێش خۆی دەبنە (مۆدێلی کۆن)، سوپاس بۆ خوا ماوەی ٤٠ ساڵە بەردەوام کاردەکەم، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ماوەی ٣ ساڵ لە ماڵی خۆم کەوتبووم بێ کاری هونەری، کەواتە دەرنەکەوتنم بە دەست خۆم نەبووە.

**• ئەی بەرامبەر سینەما بە گشتی لە ئێستادا رات چییە ؟**

- سینەما پیشەسازییەکی گەورەیە کە تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە، لە شەستەکانی سەدەی رابردوو شێوازێکی تایبەت و جیاوازی هەبوو، بەڵام لە ئێستادا پیشەسازییەکی بێسەروبەر لە رووی زمان و وێنە و دەقەوە، هەروەها پێوەندییەکی بەهێزم هەبوو لەگەڵ دەرهێنەرە گەورەکانی وەك رەئفەت میهی و عەلی بەدرخان و سەمیر سەیف، لەمەش زیاتر ئەندازیاری دەنگ و دیکۆر و وێنەگری بە توانا پشتیوانی شانۆ و سینەما بوون، ئێمەی ئەکتەریش بە ئازایی کارەکانمان ئەنجام دەدا، بەڵام ئێستا سینەما گەیشتۆتە قۆناغی (باڵادەستی ماددی) کە باڵی بەسەر سینەما و شانۆدا کێشاوە و پێوەندییە مرۆڤایەتییەکانی وێرانکردووە.



**■ پرۆفایل**

عەهدی سادق بشای، دەرچووی پەیمانگای باڵای هونەرەکانی شانۆیە، ژیانی هونەری لە سەرەتای حەفتەکانی سەدەی رابردوو دەستپێکردووە، بە چەند رۆڵێکی بچووك و هیچ کاتێك رۆڵی سەرەکی نەبووە، بەڵام هەمیشە رۆڵە زەحمەتەکانیان پێی سپاردووە کە بە زیندوویی دەمێننەوە بەتایبەتی لە دراماکاندا وەك (ليالى الحلميه) ١٩٨٧، (رأفت الهجان ج١) ١٩٨٧، (بوابه الحلوانى) ١٩٩٢، (أرابيسك) ١٩٩٤، (حلم الجنوبى)١٩٩٥، (زيزينيا) ١٩٩٧، (جحا المصرى) ٢٠٠٢، (فارس بلا جواد) ٢٠٠٢، و(هيمه) ٢٠٠٨.
هەروەها بەشداری لە چەندین فیلمی سینەماییدا کردووە وەك: (المتوحشه) ١٩٧٩، (أنياب) ١٩٨١، (الكيف) ١٩٨٥، (اليوم السادس) ١٩٨٦، (شحاذون ونبلاء) ١٩٩١ چەندانی دیکە.